# ئیزابێل ئەلێندی و وانەی گێڕانەوە لە (چیرۆکەکانی ئیڤالونا)دا

محەمەد ئەلحەمرانی
و: رەمزی میرەکانی

خانمە نووسەر ئیزابێل ئەلێندی لە کۆمەڵە چیرۆکی(چیرۆکەکانی ئیڤالونا ) هەوڵدەدات ناوچەیەکی تایبەت بەخۆی لە چیرۆک دابهێنێت و زۆر لە پرۆژەی گێڕانەوەکەی دوورنەکەوێتەوە کە بەزمانە بەناوبانگەکەی(ماڵی دیۆەزمەکان) دەستی پێکرد... ئیزابێل بایەخ بەوێناندنی ئەم جیهانە دەدات کە منداڵییەتەکەی ئاشکرای کرد و یادیشی دەستی پێوەگرت، بۆیە کەسایەتی راستەقینەمان بۆ دادەهێنێت کە ئەم ئەفسانەو وتانە دەگێڕێتەوە ئەوانەی خەیاڵی میللی دایاندەڕێژێت، بەمەش ئیزابێل برگەی گێڕانەوە دەردێنێت و بەدڵکاری هەوڵدەدات بنەما باوەکانی کورتە چیرۆک بشکێنێت و دەیەوێت بنچینەو میکانیزمی گەشەکردنی چیرۆک دابهێنێت کە لە پێویستی بابەتییانە سەرچاوەیان گرتووە، بۆیە لایەنێکی بایەخ و وردەکاری و سووڕانەوە لە چواردەوری بابەتێکی دیاریکراو کە چیرۆک پێویستییەتی فەرامۆش کرد...! لە ناکاو ئیزابێل بەئاراستەی داهێنانی سیماو کەشوهەوای نێو چیرۆکی هاوشێوە گوزەردەکات کە رۆمان پێویستیەتی، بەتایبەتی لە کێشانی کەسایەتییەکاندا، بۆیە دەبینین لە چیرۆکی(منداڵی چەپەڵ) وێنەی یەکێ لە کەسایەتییە پاڵەوانەکانی بەشێوەی دروستکردنی بووکۆکە دەکێشێت:(کە لەتەمەنی یانزە ساڵیدایەو ئیلێنا میخاس تازە بچووک بوو، روخساری هاوشێوەی منداڵانی دیکە هیچ درەوشانەوەی نەبوو، لەنێو دەمی هەندێ کەلێن هەبوو بەهۆی درەنگی گۆڕینی ددانەکانی، رەنگی قژی لە رەنگی

جرج دەچوو و ئێسکە پەیکەریشی بەدەرەوەوە بوو کە بەتەواوی هاوتای جەستەی بوو و هەڕەشەی دەرچوونی لە ئەژنۆ و ئەنیشکی دەکرد) کێشانی کەسایەتییەکە هەمان ماوەی رووداوەکەی هەیەو لەوانەیە هەرهەمان کەسایەتیش رووداوەکە بێت کە نووسەر دەیەوێت نیشانی خوێنەرانی بدات، بۆیە لە کۆمەڵەی(چیرۆکەکانی ئیڤالونا) هۆنینەوەی رووداوەکە لەبەردەم هۆنینەوەی کەسایەتییەکان لە چیرۆکەکانی وەکو(ماریای شێت)و(ئەستێر لۆسێر)و... تادوایی پاشەکشێ دەکات.

بۆیە دەبینین جوولەو گەشەکردنی کەسایەتی بەئاراستەی کۆتاییەکی دیاریکراو کە لەوانەیە کۆتایی ژیان بێت گوزەردەکات وەکو ئەوەی بەسەر(ماریای شێت)دا هات. ،ئیزابێل ئەلیندی لەم کۆمەڵەیەدا هێشتا دەستی بەسیما ریالیزمە سیحرییەکان گرتووەو هەوڵدەدات بایەخ بەرۆڵی ئافرەت لە جیهانی ئەمریکای لاتینی بدات، بەتایبەتی کاریگەری خۆشەویستی بەسەر کچە هەرزەکارەکان، هەربۆیە چینی جیاواز لە چیرۆکەکانی خۆشەویستی و چارەنووس بەش بەشمان پێشکەشدەکات، لە چیرۆکی(منداڵێکی چەپەڵ)یشدا کچە منداڵەکە کە عاشقی مێردی دایکیەتی وا لێدەکات ببێتە کەسێکی ناوازەو لە چیرۆکی(دەمی بۆق)یشدا کچێکی داوێن پیس لەگەڵ کرێکاران یاری دەکات و شەوانی سووریان لەگەڵدا بەسەردەبات و بۆئەوەی لە قوماركردن بدوێن فێڵیان لێدەکات، لە چیرۆکی(ئەگەر دەست لە دڵم بدەیت)یشدا باسی منداڵێک دەکات و لەپێناوی پیرەمێردێک کە خۆشی دەوێت لەژێرزەمین دەژی و تێدا هاتووە: (پیاوانی پۆلیس و ئاگرکوژێنەوە هاتن و دەرگایان بەتەور شکاندو بەلایت و ئامێرەکانی ئاگرکوژێنەوە چوونە خوارەوە بۆ نێو ژێرزەمینەکە، لە ئەشکەوتەکەدا بوونەوەرێکی رووتیان بینی، پێستە شلەکەی بەجەستەیدا شۆڕبۆتەوەو کەزیە خۆڵەمێشییەکانی بەدوای خۆیدا بەسەر زەوی رادەکێشێت و لەترسی غەلبەغەڵب و تیشکی رووناکی رادەهات... نیمچە کوێر بوو، ددانەکانی رزی ببوون و قاچەکانیشی لاوازبوون و جەستەیان رانەدەگرت و تاکە بەڵگەش لەسەر رەچەڵەکە مرۆییەکەی ئەوەبوو ئامێرێکی سالتیرۆی کۆنی لە باوەش گرتبوو).. هاوشێوەی ئەم جۆرە کەسایەتییە کە بەگۆڕانکاری جۆراوجۆردا تێدەپەڕێت، لەوانەیە تا کۆتایی ژیان بەردەوامبێت و بەشێوەیەکی فانتازی لە موکڕبوونی نووسەرەکە لەسەر دوورکەوتنەوە لە شێوازی کورتە چیرۆک و یاساکانیەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەرەبەرە لە شیعر نزیکدەبێتەوەو زمان و پێشنیازەکانیشی لە زۆربەی ئەم نموونانەی کە دەیانخوێنینەوە خواستووە.



**ئیزابێل ئەلیندی**

کۆمەڵەی(چیرۆکەکانی ئیڤالونا) بەپێچەوانەی ئەم ئاراستەیە گوزەردەکات و دەیەوێت بۆ خوێنەری بسەلمێنێت کەوا لەبەردەم کەسایەتی راستەقینەدایە، بەڵام خوێنەر دەکەوێتە نێو گێژاوی یارییەکە کاتێ جیاوازی میکانیزمەکانی بیرکردنەوەی نێوان چیرۆک و یەکێکی دیکەی بۆ ئاشکرادەبێت و بەمەش

کەشوهەوایێکی سەیری بۆ دروست دەبێت کە چواردەوری نووسەرانی داوە.. لە چیرۆکی(والمای)دا ئیزابێل خوێنەر سەرسورهێنەر دەکات و تێدا هاتووە:(ئەم ناوەی باوکم لێی ناوم والمایە کە لەزمانی برایانمان لە باکوور مانای هەوایە، دەتوانم ئەمەت پێ بڵێم لەبەرئەوەی تۆ وەکو کچم وایت و لێدەگەرێم بەناوی خۆم بانگم بکەی، ئەمەش تەنها ئەوکاتەی لەنێو خێزانەکەماندا دەبین، بۆیە دەبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ناوی کەس و بوونەوەرە زیندووەکاندا زۆر ئاگات لەخۆت بێت و پابەندی ئەمە بیت، لەبەرئەوەی ئێمە کاتێ ناویان دەهێنین دەست لە دڵیان دەدەین و دەچینە نێو هێزە زیندەگییەکانیان). هەندێ چیرۆک هەوڵدەدات تابلۆیەکی جیهانی پەژارەو پەرتەوازەبوون پێشکەش بکات کە کۆمەڵگای ئەمەریکای لاتینی تێیدا دەژێت، لەگەڵ ئەم دڵرەقی و سەرشۆڕییەی ئافرەت لەژێر سایەی جیهانێکی بونیادنراو لەسەر بنەمای ڕێکەوت و پشتبەستن بە شتە نابەجێ و لەناکاوەکان دووچاری دەبێتەوەو، ئەمەش لە چیرۆکی(ڕێگایەک بەرەو باکوور) ڕوودەدات ئەوکاتەی سەربازێک منداڵەکەی جێدێڵێت کە دایکی نازانێت و دەچێتە جەنگەوەو کاتێ منداڵەکە گەورەدەبێت ڕۆژێکیان دێتە لای داپیری و منداڵێکی بچووک لەگەڵ خۆی دەبات و دەڵێ ئەمە کورمە، بەڵام باوکی نازانێت و دایکەکە بەهۆی نەدارییەوە منداڵەکە دەداتە ڕێکخراوێکی مرۆیی کە منداڵان بەخێودەکات لەبەرئەوەی بیری لەدوارۆژی دەکردەوەو لە کۆتایی چیرۆکەکەشدا حکوومەت ڕادەگەیێنێت کەوا ئەم ڕێکخراوە مرۆیی نییە، بەڵکو هەڵدەستێت بەبڕینی ئەندامەکانی جەستەی منداڵان و لە نەخۆشخانەکان دەیانفرۆشێتەوە. وەلێ لە چیرۆکی(دابەزیوی مامۆستا)دا دووپاتدەکاتەوە کەوا هەتا چینی خوێندەواریش ڕەفتاری باو و نەریتی ئەوەی لادێ نشینەکان لەسەری ڕاهاتوون ئەنجام دەدەن و دەگێڕێتەوە چۆن مامۆستایەکی ئافرەت کە هوتێلێکی هەیە یەکێ لە دابەزیووەکانی دەکوژێت دوای ئەوەی بۆی دەردەکەوێت ئەو کوڕەکەی کوشتووەو بەمەش ئاماژە بەنەریتەکانی تۆڵەسەندنەوە دەکات کە لە کۆمەڵگا هەژارەکان پەیڕەو دەکرێت. ئیزابێل ئەلێندی لەم(١٥) چیرۆکەدا کە کۆمەڵە (چیرۆکەکانی ئیڤالونا)ی لێ پێکهاتووە چوارچێوەی باوی چیرۆک دەشکێنێت و لەمە دوورتر هەنگاودەهاوێت و میکانیزمە بێ هاوتاکانی لە نووسینی ڕۆمان و قۆناغی هەندێ وردەکاری ڕۆمان بۆ چیرۆک بەکاردەهێنێت... بەمەش بڕێک تاموچێژو بەدواداچوون بەخوێنەر دەبەخشێت ئەوکاتەی بەدوای ڕووداوە سەیرو سیحرییەکان و بەئاراستەی چارەنووسی مرۆڤ و مەینەتییەکانی گوزەردەکات کە زۆر بەڕوونی لەم پەرتووکەدا دەردەکەوێت. لە کۆتاییدا دەڵێین وانەی ئیزابێل ئەلێندی لە مۆمیاکردنی چیرۆک لەنێو پارچەیەک مەرجی هونەری دەبێت چاوی پێدا بخشێندرێتەوەو سوودی لێوەربگیرێت، نەخاسمە لە خانمە نووسەرێکەوە هاتووە کە خوێنەرەکانی بەقوتابخانەیەکی گێڕانەوەی دادەنێن لە داهێنانی شێوازەکانی نووسینی کاریگەر لە گێڕانەوەی جیهانیدا.

**سەرچاوە:**

الصباح

ژمارە: ١٢١١ ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١/٢٧ .